# له چاوەڕوانیی
# فریشتەیەکدا!

چاوێکت وا لەسەر سیمای
بێدەربەستی کاتژمێری سەر باڕەکەو
چاوەکەی ترت وا لەناو
پەرداخێ شەرابی سووری
بێئۆقرەدا..
ئیستە کاتژمێر پێت ئەڵێ:
لە شەش‌و نیوی ئێوارەی
داگەڕاندام بە زەماندا.
تۆیش چاوەڕێی
فریشتەکەی مەملەکەتی سیحرو شیعری
بگاتە جێ‌و لەگەڵ خۆیدا
باوەشێ ئاوازی تەڕو
دوو سێوە لاسوورەی ماچ‌و
ڕستێ لە زریوەی نیگاو
سێ چوار فڕینی زیوین‌و
چەند پارچەیەك لە ئاوێنەی
پێکەنینیت بۆ بهێنێ
تۆ چاوەڕێی
سپی سپی بگاتە جێ

سپی وەکوو ڕۆحی خوداو دڵی منداڵ
سپی سپی
وەکوو هەورێکی کافوریی
چۆن لە بەردەمی گزنگی
شەرمنۆکی بەیانیاندا
بە پڵپڵەی شەونمەوە دائەگیرسێ.
سپی سپی.. ناسکۆڵ ناسکۆڵ
شان بە دەسماڵی شەبەنگو
سنگ بە ڕیتمی گۆرانییەکی قەرەجیی
سنوور بە کۆڵ
بێباك لە بوونو نەبوونی پێناسەیەك
بۆ سەفەرو، ناسنامەیەك بۆ ڕەگەزو
بێباك لەوەی شەقامێ ئەیناسێ یان نا!!
شارێ بە دەمیەوە پێئەکەنێ یان نا؟!
ڕووبار سەلامی لێئەکا یان نا؟!
بەندەر دەری ئەکا یان نا؟!
بێباك لە هەوا بێباکتر.
ئازاد لە بەفر ئازادتر.
بێباك لە ترسو گومانو کاتژمێرو
بێباك لەوەی چۆن دێو ئەڕوا..
ئەو.. ئاوا دێت!
هەروەك کلوو..

**وەك جریوە دارڕژانو**

**گەیشتنی (با)ی ناوەختو**

**ڕەنگ پژانی گوڵو شیعرو**

**پەیدابوونی لە ناكاوی خۆشەویستیی‌و**

**یان هاتن‌و گەیشتنی پۆستی باران!**

**ئیستە كاتژمێر پێت ئەڵێ:**

**لە شەش‌و نیوی ئێوارەی**

**داگەڕاندام بە زەمانداو**

**تۆیش بەرامبەرم چاوەڕێی**

**گەیشتنی مژدەیەكی سپی پۆشیت**

**كە لە "حەوت"ی بەهەشتیدا**

**بگاتە جێ!**

**من‌و چاوەڕوانیی یەكین.**

**من‌و چاوەڕوانیی جمكی**

**ڕۆژژمێری وڵاتێكی بەخت ڕەشین.**

**من‌و وێڵبوون‌و پرسیاری پەراگەندە**

**لە یەك ئەچین.**

**من دەستەمۆی چاوەڕوانیم.**

**لە منداڵیی وەرینەوە**

**هەتا گەورەبوونی خەزان**

به دیار ڕەنگی مەرگەساتو
به دیار دووباره هاتنەوەی
ئەستێرەیەکی کشاوو..
به دیار گەڕانەوەی ڕەوه
جوانووی تراویکەی نادیارەوه
هەر هەمووومان دەوەن بووین‌و
دەست له ئەژنۆ دائەنیشتین.
من لەوێوه
من لەوساوه
بووم به هاواری بیدەنگی هەڵوەرین‌و
لەوێشەوه بووم به ئەزموونی
دووکەڵی چاوەڕوانیی ناو شکست‌و
ئینجا هاتووم!

من‌و چاوەڕوانیی یەکین.
چون یەکبوونی دەستەکانی
بێهودەیی‌و سیاساڵێ.
چون شمشاڵێکی دووکەرت‌و
نەغمەی کوژراوی کۆسارێ.

من لەوسەری
نەخشەی بێ نەخشەو لەوپەڕی

**ئاواتێکی نائومێدو**

**له کاروان سەرای بێ سەراو**

**له دیرۆکی خۆکوژیم‌و**

**له سووتانی ناو سووتانی**

**غەریبیی خۆمەوە هاتووم.**

**ئیستە کاتژمێر پێت ئەڵێ:**

**له چارەکی بەر له حەوتی**

**داگەڕاندام بە زەماندا.**

**تۆیش قەسیدەی درز بردووی**

**دوور وڵاتی‌و**

**بەستەیەکی لەناوقەدا پچڕاویت‌و**

**له سوچێکی ئەم بارەدا**

**ئەڵێی گڵۆپی سووتاوی‌و**

**چاوەڕوانی**

**"تۆ دەس بەرداری بەهاری.**

**تۆ قەت بڕوا بەوە ناکەیت**

**ساتێ هەبێ ئارام له شێوەی سروەدا**

**ڕۆژێ سەردانێکت بکا!**

**هەرگیز.. هەرگیز**

**یان ئۆخژنێ جارێ بێت‌و**

لە بەردەمتا ئیستێ بکاو
شنەیەکی خۆیت باتێ
هەرگیز.. هەرگیز
یان هەتاوێ لە پەنجەرەی ساماڵەوە
ئاماژەیەکت بۆ بکا.
یان دەم‌و چاوی خۆشییەك
بۆ چرکەیەك، ئاوڕێکت لێباتەوە.
یاخود شەوێك لە شەوانی ڕازو نیازێ
مانگەشەو بێو
بە پۆپەشمینی خەوێکی خۆش‌و هێور
سکاڵاکانت داپۆشێ.
هەرگیز.. هەرگیز؟"

هەتا ئەو دێت
شیعر بێنە تەنیشتتەوە
پەرداخێکیش لە بەردەمی
ئەودا دانێ.
پێك لە دوای پێك
لە بادەی سووری چاو لە ڕێی
ئەم ئێوارەیەی بۆ تێکە.
لە ماچی ئەوی بۆ تێکە.
لە ئاوارەیی بۆ تێکە

**تا تەواو مەست ئەبێ**

**وەك مەستبوونو قسەی تێکەڵو پێکەڵی**

**مەیخانەیەکی زۆربڵێی دوای نیوەشەو.**

**یان سەرخۆشبوونی مۆسیقای لەتربردوو**

**ئەو ساتانەی زەمان وەکوو ئەسپی چەمووش**

**جڵەوەکەی ئەپچڕێنیو**

**لە بازنەی شێتبوونێکدا**

**ئەداتە غار.**

**وەختێ ئیتر**

**لەسەر شانۆ**

**کەتە چەلۆ**

**بەملاو بەولادا ئەکەوێو**

**کەمانچەیەك لاڵ ئەبێتو**

**وەنەوز بەسەر پێلۆکانی**

**فلووتێکدا هەڵئەگەڕێ!**

**تا تەواو مەست ئەبێ**

**تا لە ڕەوتی**

**شیعری بە ویقار دەرئەچێو**

**چی کڵاوی نەزاکەتە فڕێی ئەداو**

**بەدمەستانە.. لەناو سەمای**

**بێ بنمیچو بەرەڵلادا**

**وەکوو "زۆربا"**

## شێتگیر ئەبیٚ!

هەتا ئەو دیٚ
شەپۆلێکی ڕووبارەکەی بەرامبەرت
بێنە ژووریٚو
بیکە بە بالیف بۆ سەرت‌و
با غەریبیت خەوێکی تازە ببینیٚ
بەبیٚ ئەوەی هەرگیز بنویٚ!
هەتا ئەو دێت تۆ تەنیاییت
بکە بە چەپکی ناکامی
سەر ئەم مێزەو
ئەم ئێوارە چاوەڕوانەو
وەختیٚ کە ئەو هات
بیدەریٚ!
هەتا ئەو دێت
ببە بەو دارە تەنیایەی
لە بەردەمی گژەبادا
لە چاوەڕوانی هاتنەوەی
تەیری دەربەدەری خۆیداو
لە باوەشی زایەڵەدا
خێرا خێرا
زامەکانی ڕائەژەنیٚ!

ئێستا کاتژمێر پێت ئەڵێ:
نزیکی حەوتی ئێوارەی
داگەڕانم بە زەماندا
تۆیش چاوەڕێی
شیعری سپیت بگاتە جێ.

"لە کوێوە بۆ کوێ فڕیتو
لە کوێوە تا کوێ وەریتو
لە کوێوە تا کوێ گڕ بوویتو
لە کوێوە تا کوێ خۆڵەمیش؟!
ئیستەش لێرەی!"

ئەو دەمەی تۆ، کە شکستیی دایەنت بوو.
هێشتا دنیا نائومێدیی نەناسیبوو
تۆ بێبەشیی بۆتە ژەمی سەرەکیتو
ماڵی ئازار کەوتۆتە ناو کۆلانێکی
هەناوتەوەو، ئاوارەبوون دەستو قاچتەو
ئەدرەسیشت وا لە باپێچی ونبووونداو
هەر بۆ خۆشت تۆ کرێچی غەریبیتو
سەراب خێڵتو سەراب ناوتە!

تۆ ئەو ڕۆیشتنەی کە ناگەیت!

تۆ ئاگریو ساردو سڕی!

تۆ (با)یەکی ڕاوەستاوی.

تۆ هەتاوێکی تاریکیو

پڕی لە خونچەی خۆڵەمێش

پڕی لە چرای نابیناو

لێوان لێوی لە خاڵێتیو

لێوان لێوی لە تینوێتیو

هەرەس تۆیتو

ڕووخان تۆیتو

توانەوەیش تۆیت!

ئەوەتەی هەی ڕۆژێك بۆنی

ژنی وڵاتەکەی خۆتت لێنەهاتو

تۆ ئاگرێکی حەرامو ئەوانیش هەر

پووشووی حەرام.

ژن هەر بستێك لەولاتەوەو

کەچی بست درێژ ئەبۆوەو

ئەچوو هەتا کێوی قافو

ئەبوو بە ڕێی هاتو نەهات!

"کە لە شاخ بوویت، لە عەزرەتا

لە تۆپەڵە بەفری گەورەی بەر ژوورەکەت

جەستەی ژنت دروست ئەکرد
باڵابەرزو پێستی سپی‌و دوو مەمکی قوت
ترست نەبوو. خواوەندەکانی حەرام‌و
قوللەکانی شەریعەت‌و
مەلاو مزگەوت لەوێ نەبوون.
ئەچوویتە پاڵ بەفرە ژن‌و
دەستت ئەکردە گەردنی‌و
مەمکیت ئەگرت.
تا دەم‌و لێویش ئەتەزین
ماچت ئەکرد!"

ئێستە کاتژمێر پێت ئەڵێ:
دوو دەقیقەم ئەوێ بۆ حەوت
تۆیش چاوەڕێی
فریشتەکەی سیحرو شیعری
بگاتە جێ!

لە ساتەوەختی توانەوەم لەناو ئەودا
ئیتر نە زەمان ئەمێنێ‌و
نە سەعاتی سەربارەکەو
نە جێ‌و شوێن‌و نە ئازاری
وشەکانم‌و نە ڕابوردووی

شکۆو بێ شکۆی شاخانم‌و
نه نه‌وه‌کانی داهاتووم!

هه‌موو هه‌ر ئه‌بن به هی ئه‌و
من ئه‌بم به‌و
شیعر به ئه‌و
خه‌و ئه‌بێ به‌و
قه‌ڵه‌م ئه‌بێ به په‌نجه‌یی‌و
گوڵی سه‌ر مێز
به لێوی ئه‌و!

هه‌موو چاوه‌کانی ترم، چاوی دوێنێنم،
چاوی ترسم‌و چاوی چیام
چاوی ڕه‌نگ‌و یاده‌وه‌ریم
هه‌ر هه‌موویان ئه‌چنه لاوه‌و
جێ چۆڵئه‌که‌ن بۆ چاوی ئه‌و.
که پرچی هات
دروشمه‌کانی سیاسه‌ت هه‌موو ئه‌ڕۆن.
که ده‌می هات
په‌یڤه‌کانی ده‌ره‌وه‌ی عه‌شق
هه‌موو ئه‌ڕۆن.
که خۆشه‌ویستیی ئه‌و دانیشت.

پاشماوەی ڕق لە ناو مندا هەڵئەسێت و
سانسۆری ناو دەروونی خۆم
بەجێمدێڵێ!
من ئەزانم
کە ئەو گەیشت
لە پەنجەرەی کراوەوە
چۆلەکەی ڕەشی بێزاریم
لە پڕ فرتەیەك ئەکات و
بەرئەبێ و ئەچێتە دەرێ!

کە ئەو باوەشی پیاکردم
هەر لەوێدا بە دەم قوڵپەقوڵپێکەوە
من جەستەم ئەتەقێتەوە و
ئەبمە فوارەو
خەمم لەناو گەشانەوەو
گۆمی بەردەمما ئەخنکێ!
غەریبیشم
ڕوومەتی سوور ئەبێتەوە و
پڕ بە ئێوارەی ئەم بارەو
پڕ بە جازو
پڕ بە چەڵۆو
پڕ بە عەشق و

پڕ بە پاریس
پێئەکەنیٚ!
ئیستە کاتژمێر پێت ئەڵیٚ
هەردوو، دەقیقەژمێرو
سەعات ژمێری زەمانم
نێرەو مێیەی ئەم بارِەن‌و
لەسەر چرپای "حەوت" جووتبوون‌و
تۆیش چاوەڕێی
بەهارەکەت بگاتە جیٚ!

تەماشاکە
ئەوەتا وا قەسیدە هەرە تازەکەت
سپی سپی وەك فریشتە
سەوز سەوز وەکوو باخچە.
لە دەرگایەکی شینەوە
بەرەو لای تۆ
دێتە ژووریٚ!

سلەیمانی
سەرەتای/ 2008